عەمار حەکیم وسەرۆک کەمار جەختدەکەنەوە لەئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەوادەی خۆیدا

سەرۆک کەمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید و سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی عەمار حەکیم، ئەمڕۆ یەکشەممە، جەختیان کردەوە کە هەڵبژاردنەکان لە وادەی دیاریکراودا بەڕێوەدەچێت.

حەکیم لە توێتەکدا ڕایگەیاند: "ئەوارەی ئەمڕۆ، پێشوازیمان لە سەرۆک کەماری کەمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید کرد، و باسمان لە پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق و ناوچەکە کرد وچێنیەتی بەدەست هاتنی سەقامگیری وپاراستنی و گەرەی بە سەقامگیری هەمیشەیی.

هەروەها نووسیویەتی: ئێمە هەوەستی خۆمان بە پشتیوانیکردن لە دەزی فەلەستین دووپاتکردەوە و ئەمەش لەگەڵ بەڕێزیان داوامان لە کەمەگەی نوودەوەتی کرد کە بەرپرسیارەتی خۆی لە ئەستۆ بگرێت بە ڕاگرتنی کەمەکوژییەکان و دەستبەجێ ڕەگەدان بە هاتنە ناوەوەی هاوکارییەکان و کۆتایی هێنان بە دەخی دوو پێوەری.

حەکیم لە درێژەی قسەکانیدا وتی: جەخت لەوە کرایەوە کە هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت بەهۆی کاریگەرییەکانیان لەسەر گەڕاندنەوەی لامەرکەزییەت لە سیستەمی سیاسی و دابەشکردنی تواناکان لە نێوان شارەکاندا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، داوامان کرد کەبەکە لەسەر بنەمای بەرنامەی خزمەتگوزاری بێت ودوور کەوتنەوە لەناوزڕاندن و جەختمان لەسەر زمانی گفتوگۆ کردەوە بە

چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکانی نێوان ناوەند و هەرەمدا، و ڕوونی کردەوە کە دەستوور بەرژەوەندییەکانی هەمووانی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی نیشتمانیدا لەبەرچاو گرتووە.